### - ئاستەنگەکانی کاتی ئەنجامدانی (توێژینەوەی پێداچوونەوەیی):

سەبارەت بەو ئاستەنگانەی لە ئەنجامدانی (توێژینەوەی پێداچوونەوەیی)دا هاتنە ڕێگەم، وەک خوێندکارێکی قۆناغی ماستەر، بەر لە هەموو شتێک نامۆیی زاراوەکە بوو بەلامەوە. ئەوەی پێی دەڵێن review article نەک هەر ناوێکی نوێ، بەڵکو بابەتێکی نوێ بوو بۆ من لەم قۆناغەدا، کە مەبەست لێی وەرگرتنی چەند باسێکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری زانکۆکانە، لەدەوری یەک بابەت بخولێنەوە؛ قوتابی دەبێت پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، لە کۆتاییشدا پێشنیازەکانی بخاتە ڕوو.

ئەم نامۆیی و نادیارییە کاتێکی زۆری خایاند تا لەلام ڕوون بووە و تاڕادەیەک ڕێگەی کاری خۆمم دۆزییەوە. جگەلەوەی توشی شڵەژانێکی دەروونی بووم کە نەکا نەتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم! بەم جۆرە نیوەی کۆرسەکە تێپەڕی تا لە ڕێی سیمینارەکان و ڕوونکردنەوەی دکتۆرەکانمان و ئاسانکارییەکانیان بە پێدانی بابەتی نووسراو لەسەر چییەتی توێژینەوەی پێداچوونەوەیی و چۆنێتی ئەنجام دانی. ئەم کاتەی کە لێمان ڕۆیشت زیانێکی زۆری هەبوو لەوەدا دواتر لەبەردەم کاتێکی ئێجگار کەم و کۆڵێک کاری کەڵەکەبوودا خۆمم بینییەوە.

جگە لەو لایەنانەی لەسەرەوە خستمە ڕوو، بابەتێکی تر نەشارەزاییم بوو لە چۆنێتی گەڕان بەدوای توێژینەوەی ناو گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا و دۆزینەوەی سێ توێژینەوە یان زیاتر کە لەدەوری یەک بابەت کۆببووبنەوە و لەگەڵ بابەتی وانەکەی ئێمەدا بگونجێ، مەبەستم؛ کە دەڵێی (ئەدەبی نوێ) ئیدی دەبێت توێژینەوەکەت لە چوارچێوەی سنوورێکی زەمەنی دیاریکراودا بێت، نە زووتر لەو فەترەیە نە درەنگتریش. بۆ ئەمە بەردەوام پرسوجۆم بە مامۆستای بابەتەکە دەکرد، لە کاتی دۆزینەوەی توێژینەوە بڵاوکراوەکاندا ڕایانم وەردەگررت. چەند جارێک لەمەدا تووشی نائومێ بووم، کاتێک ئەو بابەتانەی پەیدام دەکردن و هەستم دەکرد لەگەڵ خولیای منیشدا تەبان، کەچی دەردەکەوت ئەو لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە ئەدەبێکی نوێتر (کە ئەدەبی هاوچەرخە)! ئەمە وایکرد لە کۆتاییدا بە ناچاری بابەتێک هەڵبژێرم لەگەڵ ویستی کارکردنمدا زۆر یەکنەگرێتەوە.

بەهەرحاڵ، کارەکەم ئەنجامدا، بەڵام هێشتا تەم و مژی بەرچاوم نەڕەوییبووەوە. ئاخر بابەتم دۆزیبووە، زانیارییەکی سەرەتاییشم بەدەست هێنابوو لەوەی چۆن کارەکە ئەنجام بدەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆمم لەبەردەم کاغەزی سپیدا دەبییەوە، هەستم بە دەستەپاچەیی دەکرد!

لێرەدا کۆسپەکان کورتدەکەمەوە لەم خاڵانەدا:

- تازەیی بابەتەکە بۆ قۆناغی ماستەر.

- درووستبوونی شڵەژانێکی گشتی، ئەم بارە دەروونییە نائارامە دەگوازراپەوە و هەمووماني دوچار دەكرد.

- نەشارەزایی لە چۆنێتی گەڕان لەنێو توێژینەوەی بڵاوکراوەی گۆڤارە ئەکادیمییەکان.

- بەفیرۆدانی کاتێکی زۆر و هیواداربوون بەوەی بەڵکو بڕیارەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت!

- نەدۆزینەوەی بابەتی دڵخواز بۆ کارکردن و نەمانی ماوە بۆ گۆڕینی.

لە کۆتاییدا کارەکە بە ئەنجام گەیشت، بێگومان بێ هەڵە و کەموکوڕی نابێت، بەڵام هەنگاویکی باش بوو بۆ قۆناغەکانی دواتر. فێربووم چۆن بابەت پەیدا بکەم و کاتەکەشم درووست بەکار بهێنم.

---

*ئەم بابەتە لەسەر داوای دکتۆری بەڕێز: (تانیا ئەسعەد، مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/زانکۆی سەلاحەدین) نووسراوە.

لەگەڵ سوپاس و ڕێزی بێ پایانم.

مژدە سەلاح محەمەد(قوتابی ماستەر-ئەدەبی کوردی)

١٦-١-٢٠٢٤/٢٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣